# ڕەشنووسی دەستوور:

# سەلەفیە ت ئەم قاچەم ,دیموکراسی قاچەکەی ترم

جەلا ل بەرزەنجی

دوای خوێندنەوەی ڕەش نووسی دەستووری عێراقی هەست دەکەی ململانێیەك لە نێوان بۆچونی دیموکراسیا نە و سەلەفیانە هەیە بۆ جۆری سیستەمی فەر مانرەوای ئایندەی عیراقهەست دەکەی رە شنووسەکە بەتەمایەلەسەر قاچی دیموکراسیەت و کۆنەخوازی بڕوات , راستەبیرۆکەی سازش کردن وفشاری دەرەکی و نەفرەتی رەوشی ناوخۆ ودەرەوە کاریگەریان لە سەر داڕشتنی دەستووردا.بووە بەلاّم ئەوەندە دەزانم ئەم دوو قاچە دەست کردن وبە نەشتەرگەری و پلاتین بەم لەشە وەخراون . کورت ودرێژی پەنجەکانی ئەم دووقاچە وەك یەك نین , خێرایشیا ن زۆر جیاوازە , رەنگە لە کاتی رە ت بوونی ماراسۆنی ئەم مرۆڤە قاچ جیاوازە بە ناو کۆلاّنەکانی تیرۆردا قاچێکی جێ بمێنن ئەوەی دیکەشیان هەر بڕوات  هەرچە ندە رەنگە شتێکی ئاسایی بێت دووای شەڕ مرۆڤی قاچ جیاواز لەسەر شەقە یان عارەبانە ببینیت , لە بەر ئەوەی ئەم  مرۆڤانە بە پەك کەوتە دەژمێردرێن , کەسداوای شتی قورسیان لێ ناکات.  بارکردنی ئەم دووقاچە بە قورسایەك لە توانای خۆیان زیاتریان راکردن بە لای جیاواز رەنگە ببێتە هۆی شکانیان یان هەڵقلیشانیان  دیارە هێشتا قاچەجیاوازەکانی رەشنووسی هاتوو چۆی ژووری نەشتەرگەریان پێ دەکرێت ئامادەنین بۆ ئەوەیخەڵك دەستە دەستە سەیریان بکەن و بڵێن ئە م جووتە قاچەی وەك لە بەندەکانی لەشیان هاتووە خۆیان بۆ هەنگاونانی زۆر جیاواز ئامادەکردووە لەسیاسەت کردنا زۆر گرنگە بتوانرێ (کەسانی بۆچوون جیاواز بۆ یەك ئامانج پێکەوە کار بکەن)بەکاردێن یان نا ؟

بەلاّم گەر خەرەندی نیوان بۆ چوونەکان زۆر پانوو قوڵ بێت و ستراتیژیەتیشان هێندەی تر جیاواز.بێت  رەنگە دەستوورە کە وای لێ بێت بە یەك قاچ بڕوا ت . گۆرانی  شاعیریش پەنجا شێست ساڵیك پێش ئیستا گوتبووی عەرە ب ئەم قاچەم کورد ئەم قاچەم بەلاّم نابینین قاچەکانی ئەویش کاریان گردبێت .